# جەلادە جیاوازەکان و فیڵەکانی تەلەفزیۆن

*خوێندنەوەیەك بۆ کتێبی "لەبارەی شێخ زاناوە"*



*سەنگەر زراری*

Sangarz81@yahoo.com



ئاشکرابوونی تاوانی چەند کەسێك لەژێر چەتری گروپێکدا بەناوی "گروپی شێخ زانا", ماوەیەکی زۆر خەڵکی بەخۆیەوە خەریك کرد, تەنها خەریککردنیش نا, بەڵکو لەدوای بڵاوبوونەوەی رووداوەکە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن, دیمەنی دانپیانان و کارە دزێوەکانی ئەم گروپە, ماوەیەکی زۆر کاریگەری دەروونی بەسەر هەموو خەڵکەوە بەجێهێشت, وای لێهاتبوو خەڵك لە هەموو شتێك سڵی دەکردەوە, لە دوکان و بازاڕەکان دەترسا نەوەکو دیوی نهێنیان هەبێت یان نەوەکو بە دزییەوە کامێرایان چەسپ کردبێت و وێنەی خەڵکی پێ بگرن, لە تەکسییەکان دەترسا نەوەکو بیانڕفێنن, تەنانەت خەڵك لە باوك و براکانیشیان دەترسان نەوەکو پەیوەندیەکی ژێربەژێریان لەگەڵ یەکێك لە گروپە تیرۆریستییەکاندا هەبێت..

دەرئەنجامی ئەم رووداوە گەلێ نووسین و گفتوگۆی رۆشنبیری لێکەوتەوە, بەڵام کەم لەم نووسینانە جیدی بوون, بەو مانایەی کەمێك لەونووسیانانە توانیان خۆیان لە لایەنە کاریگەر و عاتفییەکەی ئەم رووداوە بەدوور بگرن و چاوپۆشی لە تاوانەکانی ئەم گروپە بکەن, ئەمەش نەك بەو مانایەی کە ئەمان تاوانبار نین یان بەرگرییان لێ بکەن, بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە بەجۆرێك سەیری رووداوەکە بکەن, خۆیان بخەنە دەرەوەی رووداوەکە و لە روانگەیەکی بابەتییانەوە سەیری رووداوەکە بکەن، یان لەمیانەی ئەو رووداوە و کۆتاییهێنان بەژیانی ئەندامەکانی ئەم گروپە پرسیاری تر ئاراستە بکەن, نەك هەر ئەمە, بەڵکو کاتێ کەسێکی وەکو مامۆستا "رێبوار سیوەیلی" هات لە روانگەیەکی زانستی سۆسیۆلۆژییەوە قسەی لەسەر بابەتەکە کرد, رووبەڕووی دژایەتییەکی زۆر بووەوە, تا گەیشتە ئەوەی بەیاننامەی لە دژدا دەربکرێت و بەوە تاوانبار بکرێت کە ئیهانەی بە شارێك کردووە. کەواتە وێڕای ئەوەی قسە جیدییەکان کەم بوون, هەندێکیان رووبەڕووی دژایەتیش بوونەوە.

"لەبارەی شێخ زاناوە" یەکێکە لەو کتێبە جیدیانەی کە لە دوای ئەم رووداوەوە قسە لەسەر رووداوەکە دەکات, هەم "زیرەك عەبدوڵڵا" و هەم "نیهاد جامی"ش کە بە هاوبەشی کتێبەکەیان نووسیووە, لەکاتی قسەکردن لەسەر رووداوەکە, هەوڵیان داوە تارادایەك خۆیان بەدوور بگرن لە تەڕەفگیری و نابابەتیبوون, لەگەڵ هەبوونی سەرنج و تێبینی لەسەر ئەم کتێبە کە هەوڵ دەدەم لەم وتارەدا هەندێکی بخەمەڕوو.

لە وتاری یەکەمدا کە "زیرەك عەبدوڵڵا" لە ژێر ناونیشانی "زیندووکردنەوەی بڕیاری لەسێدارەدان.. زیندووکردنەوەی جەلاد"دا نووسیویەتی, بە رەهایی دژایەتی خۆی بۆ حوکمی لەسێدارەدان راگەیاندووە, دژ بە هەرکەسێك بێت و بە هەرجۆرێك بێت. سەبارەت بە دژایەتیشی بۆ لە سێدارەدانی گروپی "شێخ زانا", چەند پاساوێك دەهێنێتەوە.

ئێستا ئێمە لەناو زروفێكداین كە كەسایەتییە سەرەكییەكانی ئەم گروپە لەسێدارەدراون و بەزیندووی نەماون, با ئێمە گریمانەی ئەوە بكەین كە گروپی شێخ زانا لە سێدارە نەدراون و بپرسین ئەگەر ئەم گروپە لە سێدارە نەدرابان چی رووی دەدا؟! لەوانەیە هەریەكەمان بە جۆرێك وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە, ئەویش بە پێی ئاستی تێگەیشتن و رۆشنبیری خۆی, یان بە پێی ئاستی "قوربانیبوون"ی خۆی بەدەستی ئەم گروپە (كەهەریەكەمان بە جۆرێك لە جۆرەكان بووینەتە قوربانی دەستی ئەم گروپە).

لەخوێندنەوەی كتێبەكەدا ئەوە بەدیار دەكەوێت كە "زیرەك عەبدوڵڵا" ئەگەری ئەوە دەخاتەڕوو كە لەوانەیە بكرابا بەشێوە پەروەردەیەكی زانستی, كەسەكانی ئەم گروپە ریفۆرم بكرابان و بەكۆمەڵایەتی بكرابانەوە, ئەو ئەم ئەگەرە بەبچووك دانانێت, پێیوانییە كە كارێكی هێندە زەحمەت بێ كەسایەتییەكانی ئەم گروپە چاك بكرێن, ئەم تێڕوانینەی ئەو دیدێكی كۆمەڵناسییانەیە بۆ بابەتەكە, لەكاتێكدا كە دەروونناسان باس لەوە دەكەن كە هەندێ سیفەت هەن, ئەگەر مرۆڤ فێریان بوو ناتوانێ وازیان لێبێنێ, گرنگترینی ئەم سیفەتانەش خۆبەدەستەوەدانی نێر, بۆ سێكس لەگەڵداكردن وسێكسی هاوڕەگەزییە كە ئەمەش سیفەتێكە زیان و كاریگەرییەكەی لەسەر كۆمەڵگا كەم نییە.

زۆرینەی مرۆڤە زۆردارەكان, ئەوانەن كە تەنها لەوكاتەدا باش دەبن (یان راستتر بە رووالەت خۆیان وا نیشان دەدەن كە باش بوونە) ئەوكاتەی كە هەمان دەسەڵاتی سەردەمی زۆرداریيان نییە, ئەگەر هەمان دەسەڵاتی جارانیان بكەوێتە دەست, هەمان كردەوەی جارانیش ئەنجام دەدەنەوە, كەواتە مرۆڤ ئەگەر لەسەر هەر جۆرە كردەوەیەكی باش یان خراپ پەروەردە كرا و مێشكی شۆرایەوە, وازهێنانی زۆر زەحمەتە, ئەوەتا من قسەی یەكێك لە ئەندامەكانی ئەم گروپەم زانییەوە كە لەو كارانەی ئەنجامی دابوون پەشیمان نەبوو, كەواتە ئەگەری گۆڕان و چاكبوونی ئەو جۆرەكەسانەی بە چەند قۆناغێكی پەروەردەكردندا تێپەڕیوون, بەرای من ئەگەرێكی لاوازە.

جگە لەمانە من دڵنیام و ئەوەش دەزانم كە دایكی ئەو "گولەبەڕۆژەفرۆش"ەی بەدەستی ئەم گروپە سەری بڕدرا, یان كەسوكاری ئەوانەی لاشەكانیان لە لایەن ئەم گروپەوە پارچە پارچە دەكرا و لە چیمەنتۆ دەگیرا, هەرگیز رازی نەدەبوون بكوژی رۆڵەكانیان بە زیندووی بمێننەوە (كە رێژەی ئەم قوربانییە راستەوخۆیانە كەم نەبوون), یان زۆربەی خەڵكی ئاسایی كە دیمەنی تاوانەكانیان لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە دەبینی بە زیندوو مانەوەی ئەمانە ئاسوودە نەدەبوون, كەواتە یەكێك لە ئەگەرەكانی مانەوەی ئەمانە بە زیندووی كاریگەرییەكی دەروونی زۆر خراپی دەخستەسەركەسوكاری قوربانییەكان و خەڵكیش بە شێوەیەكی گشتی, ئەمەش رەنگە ببایە هۆی ئەوەی كە كێشەكان ببانە شەخسی و كەسوكاری قوربانییەكان بەمانەوەی ئەمانە بە زیندوویی رازی نەبان. دڵنیام ئەگەر ئەوانە بە زیندووی بمابانەوە(بەهۆی ئەوەی كە هێشتا ئاستی بیركردنەوەمان دواكەوتووە) كەسوكاری قوربانیانی ئەم گروپە هەندێكییان ئەگەر بۆیان بكرابا, یان دەستیان پێگەیشتبا, ئامادەبوون لەجیاتی قوربانییەكانی خۆیان, ماڵ و منداڵی هەریەك لە ئەندامانی ئەم گروپە سەر ببڕن و بیانكوژن, لەكاتێكدا كە ئەم ماڵ و منداڵە نەك تاوانبار نین, بەڵكو ئەوانیش لای خۆیانەوە جۆرێكی دیكەی قوربانین.

یان هەر بەو گریمانەیەی كە ئەمانە لەسێدارە نەدراون ئەوە بێنە بەرچاو كە گروپێكی تیرۆریستی بەرپرسێك یان چەند بەرپرسێكی گەورەیان رفاند و لەبەرامبەر ئازادكردنی ئەم بەرپرسە داوای ئازادكردنی گروپەكەی شێخ زانایان كرد, ئەو كاتە چ رێگایەك دەگرییە بەر؟! ئایا حكومەت ئامادە نییە و مەمنوون نییە كە ئازادیان بكات و بەرپرسەكە وەربگرێتەوە؟! واز لەوە بێنە كە ئەمڕۆ تارادەیەكی زۆر ئەمن و ئاسایش بەرقەرارە, ئەم گروپە تیرۆریستیانە هەمیشە خاوەنی ستراتیژییەتی دوورودرێژن و پلانی دوورودرێژ دادەڕێژن, پەلە نین لەوەی ئەگەر بۆ ماوەی چەندساڵێش پلانەكانیان رابگرن.

ئەم قسانە مانای ئەوە نییە كە من لەگەڵ حوكمی لەسێدارەدانم, بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین كە ئەم حوكمە تائێستاش لە (68) وڵاتی دنیا پەیڕەوی لێدەكرێت, لەناویشیاندا وڵاتەیەكگرتووەكانی ئەمەریكا و هەموو وڵاتانی عەرەبی و كۆریای باشوور و چین(زۆرترین رێژەی لە سێدارەدان لە جیهاندا لە وڵاتی چینە). ئایا ئەمە نیشانەی ئەوە نییە كە زۆر كێشە هەن بە لەسێدارەدان نەبێت چارەسەر ناكرێت؟ تۆ بڵێی ئەم هەموو وڵاتە بەبێ هیچ بیركردنەوەیەك پابەند بن بەو حوكمەوە؟

بەرای زیرەك لەناوبردنی ئەم گروپە کوشتنی زانیارییە, ئەمەش یەکێکە لە پاساوەکانی ئەو کە پێیوایە دەبوو ئەم گروپە لەناو نەچن بۆئەوەی ئەو زانیارییانە لەناو نەچن کە لای ئەم گروپە هەن. من دەپرسم ئایا کەسانێك بگەیەنرێنە ئەو رادەیەی ئامادەیی ئەوەیان تێدا بێت باسی ئەوە بکەن کە چۆن سێکسیان لەگەڵ یەکتردا کردووە, یان چۆن سێکسیان لەگەڵدا کراوە, چۆن هەرچی زانیاری هەیە ئاشکرای ناکەن, چونکە دەبێ ئەوەمان لەبیربێ کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا کوشتن و سەربڕین نەك هەر عەیبە نییە, بەڵکو زۆرجار کەسانی "بکوژ" وەکو "پیاوی ئازا" حسابیان بۆ دەکرێت و باس دەکرێن, لەکاتێکدا کەسێك کاری سێکسی لەگەڵدا کرابێت ئەوپەڕی شەرمەزارییە و مایەی لەناوچوونە, تەنانەت کەسوکاری پێیانوایە ئابڕووی خێزان و عەشیرەتەکەشیان بە هۆیەوە دەچێت و ئامادەگی ئەوەیان تێدایە کە بەدەستی خۆیان ئەو کەسە لەناو ببەن کە لە بنەماڵەکەی ئەوانە و کاری سێکسی لەگەڵدا کراوە, بۆیە بەڕای من ئەم گروپە هیچ زانیارییەکیان لەگەڵ خۆیاندا نەبردە ژێر گڵ, بەڵکو دامودەزگاکانی ئاسایش تا دوا رادە ئەوانیان گوشی و دوا چۆڕی زانیارییان لێتکاندن, ئینجا رەوانەی ژێرگڵیان کردن, ئەم زانیارییانە بۆ ئێمە شاراوەن نەك بۆ ئەوان, ئەوان دەزانن کە ئەم گروپە لەکوێوە هاتوون و چیان کردووە و چیان ویستووە؟ بەڵام ئێمە نایزانین, "نیهاد جامی" لە وتارەکەی خۆیدا لەم کتێبە "شێخ زانا کاراکتەرێکی تری تەلەفزیۆنی کوردی". ئەم گومانە ناشارێتەوە "ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە, ئەو گروپە چەندین ساڵە بەمشێوەیە کاردەکات و کارەکتەرەکانی کەسانی نزیکی دەزگا ئەمنییەکان و دەسەڵاتن, ئەو هەموو مرۆڤە دەکوژرێت و دەزگاکانی ئاسایش لەناو بێدەنگییەکی گەورەدا دەژیێن...ل83". کەواتە زانیارییەکان لە ئێمە نادیارن نەك لەوان.

رووداوی شێخ زانا لە کاتێکدا بوو کە دەسەڵات متمانەی بە هیچ کەسێك نەمابوو, گومانی لە هەموو کەسێك هەبوو, هەرکەسێك دووجار بەپێش بارەگایەکدا بچووبا رایاندەگرت و لێکۆڵینەوەی زۆریان لەگەڵدا دەکرد, چواردەوری بارەگاکان دەکرانە شورای بەرز و قایم, شار پڕ ببوو لە بازگە (تەنها بۆ سەلامکردن), لەلایەن پیاوانی حکومەتەوە گومان لە هەموو کەسێك دەکرا, ئەمەش خەڵکی تووڕە و بێزارکردبوو, خەڵکی لەبەر لێکۆڵینەوەی زۆر و راگرتنی خەڵك و دروستکردنی قەرەباڵغی, رقیان لە پیاوانی ئاسایش و پۆلیس دەبووەوە, بۆیە دەبوو ئەمان کارێك بکەن کە وێناکردنی خەڵك بەرامبەر بە ئاسایش و پۆلیس بگۆڕن, دەبوو پۆلیس و ئاسایش و دەسەڵات لای خەڵك خۆشەویست بکەن و دەرفەتێك بدۆزنەوە بۆئەوەی حکومەت بەجۆرێك لە جۆرەکان خەڵك لەگەڵ خۆیدا ئاشت بکاتەوە, رووداوی شێخ زنا هەلێکی گونجاوبوو کە لە رێگایەوە ئەم کارە بکەن, ئەوان بە پیشاندانی گروپەکەی شێخ زانا ویستیان بە خەڵك بڵێن: ئەوە ئێمەین کە ئێوە دەپارێزین و ئەوە ئێوەن لەناوخۆدا یەکتر دەکوژن و سەری یەکتر دەبڕن و کاری خراپ لەگەڵ یەکتردا ئەنجام دەدەن, کەواتا رقتان لە ئێمە نەبێ, رقتان لە خۆتان بێ, گومان لە ئێمە مەکەن, گومان لە خۆتان بکەن, گومان لە دوکاندار و شوفێری تەکسی و ئەندازیار و مامۆستاکانی زنکۆ و.. بکەن کە بەشێکن لە خۆتان, بۆیە من لەگەڵ زیرەکدا هاوڕانیم کە دەنووسێت "یەکێك لە هەڵەکانی دەسەڵات لێرەدا ئەوەیە بە رەفتارەکەی وادەکات متمانە و باوەڕ لەنێوان پەیوەندی ئەندامانی کۆمەڵگا کەم بکاتەوە و بیباتە سەر لێواری نەمان..ل20". کەواتە ئەم کارە بە هەڵە نەکراوە, بەڵکو دەبوو بەهەر شێوەیەك بێت دەسەڵات متمانەی خەڵك بۆخۆی بگێڕێتەوە و بەخەڵك بڵێت من پارێزەری ئێوەم, منتان خۆش بووێت و ئەوەندە رقتان لێم نەبێت.

هەندێ کەس هەوڵی ئەوەیان دەدا شوناسێکی ئیسلامی بەو گروپە بدەن, هەر گروپ و تاکێکی ئیسلامی, تەنانەت سادەترین موسوڵمانیش, ئەوانەی نوێژ و رۆژوو و دروشمە ئایینییەکانیان وەکو میرات لە باووباپیرانەوە بۆ ماوەتەوە, ئەگەر هەر جۆرە کوشتنێکیان لە پێناو ئاییندا لەلا حەڵاڵ بێت, بەڵام هەرگیز ئەنجامدانی کاری سێکسی بەحەڵاڵ نازانن و بەکوفرێکی زۆر گەورەی دەزانن, کەواتە ئەگەرچی ئەمانە سیفەتی موسوڵمانبوونیان بەخۆوە لکاندبێ, ئەمە تەنها بۆ ئەوە بووە کە سەرنجی کەسانی دەوروبەر بۆخۆیان رابکێشن و لەم رێگایەوە گروپەکە بەرفراوان بکەن, چونکە بیرمان نەچێت, کە جگە لەو دووسێ کەسەی لە هەرەمی گروپەکەدابوون ئەوانی تر بەهیچ جۆرێك لەکارە سێکسییەکان بەشدار نەبوون و نەیاندەزانی, کەسانی خوارەوەی گروپەکە تەنها بەوە خەڵەتابوون کە ئەمە "گروپێکی ئایینییە و بۆ لەناوبردنی کوفر دامەزراوە؟!", هەربۆ نموونە من ئەمەم لە برادەرێك زانییەوە کە یەکێك لە ئەندامانی ئەم گروپە, لەو کەسانەبوو کە بەناوی ئایینەوە چووبووە

ناو گروپەکەوە و دوای شێخ زانا و ئەوانی تر دەسگیرکرا, کاتێ خزم و کەسەکەی دەرفەتێکیان وەرگرتبوو بۆ بینینی, ئەم گیراوە باسی ئەوەی کردبوو کە ئەو بە هیچ شێوەیەك ئاگای لەوە نەبووە کە سەرپەرشتیارانی ئەم گروپە کاری سێکسیان لەگەڵ یەکتردا ئەنجامداوە و گوتبووی ئەو کارانەی من کردوومن بۆخودا کردوومن و لێیان پەشیمان نیم, ئەگەر بشمزانیبا ئەمانە کاری سێکسیان کردووە و لە ڕێگای خودا لایانداوە, ئەوا لەپێناو خوادا ئەوانیشم دەکوشت, کەواتە ئەوانەی لە هەڕەمی گروپەکەدابوون, بە هیچ جۆرێك بەناوی ئایینەوە خراپەکارییەکانیان ئەنجامداوە, بەڵکو ئایینییان کردبووە هۆکارێك بۆ کۆکردنەوەی ئەو کۆمەڵە گەنجەی کە کاریان لەگەڵدا دەکردن, ئەوانەی کە بەناوی دینیش لەگەڵ ئەم گروپەدابوونە ئاگاداری کارە سێکسییەکان و مەشروبخواردنەوە و هەندێ کاری تر نەبوونە کە بەهیچ جۆرێك لەگەڵ پرەنسیپەکانی ئایینی ئیسلام یەکناگرێتەوە و موسوڵمانێکی سادە و بێزانیارییش دەزانێت و قبوڵی نییە, بۆیە لەگەڵ نیهاد هاوڕام کاتێ دەنووسێ "دانپیانانەکان بەهیچ چەشنێك ئاماژەی بۆ موسوڵمانبوونی ئەوان نەدەکرد..ل85".

سەبارەت بە لە سێدارەدان و جێبەجێکردنی حوکم بەسەر گروپەکەدا, ئەم کتێبە ئەوە بە یاد دەهێنێتەوە کە ئەگەر بڕیارە تاوانباران بدرێنە دادگا و حوکمیان بەسەردا جێبەجێ بکرێت و لەسێدارە بدرێن, ئەوا زۆر کەسی تر هەن شایانی ئەوەن دادگایی بکرێن و حوکمیان بەسەردا جێبەجێ بکرێ, زۆر جەلادی تر هەن, بەڵام تەنها ئەو کەسانە سزایان بەسەردا دەسەپێنرێ کە بێپشتوپەنان "وا راهاتووین کە جەلاد تەنها کەسێك بێت و سزا یا ئازاری کەسێکی تر بدات, بەڵام لە راستیدا دەشێت جەلاد خۆی لەسەر شێوازی گروپ و پارت و دەوڵەتیش بەیان بکات, بۆ نموونە گروپی شێخ زانا لە سەرێکدا جەلادن, پارتێك لە کاتی شەڕیدا بەسەر پارتێکی بچووکتر جەلادن, دەشێت سزادانی دەوڵەتێك یا کۆمەڵگایەك لەلایەن دەوڵەتێکی تر و کۆمەڵگایەکی تر سزایەکی جەلادییانە بێت, کاتێك دەوڵەتێکی تر یان کۆمەڵگایەکی تر داگیر دەکات و دەیچەوسێنێتەوە, یا بایکۆتی دەکاتە سەر و لە نێو بەندیخانەیەکی گەورە کە وڵاتەکەیەتی بەندی دەکات و بە دنیای دەرەوەی دەپچڕێنێت, بەتەواوی جیای دەکاتەوە, ئەوە وەك ئەوە وایە تۆ گەلێك بخەیتە ناو بەندیخانەیەکی گەورە و رۆژانە وەك جەلادێك سزایان بدەیت و برسی و تێنویان بکەیت, سەرەنجام یەکە بەیەکە بیانکوژیت, ئەی نەبوونی ئاو و کارەبا و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و گەیاندن, مانای راستەقینەی بەندیخانە نابەخشێ؟...ل63-64".

ڕووداوی شێخ زانا, ڕووداوێکی هێندە سادە و ساکار نەبوو کە بەئاسانی و بەبێ پرسیار بەسەر زانکۆ و دامودەزگا ئەکادیمییەکانی کوردستاندا تێپەڕێت, پێویستبوو و پێویستیشە کە توێژینەوەی جیدی لەم ڕووداوە بکرێت (مامۆستا "ڕێبوار سیوەیلی"ش لە چاوپێکەوتنەکەی ئەوکاتی رۆژنامەی میدیا دا ئاماژەی بە زەرورەتی لێکۆڵینەوە و نووسینی نامەی ماستەر و دکتۆرا کرد لەسەر ئەم ڕووداوە).

ئەم ڕووداوە ئەگەرچی دەگمەن و بێوێنەیە لە مێژووی کورد, بەڵام لانی کەم ئەوەی پێ گوتین کە تیرۆر لەدەرەوەڕا نەهاتۆتە ناو ئێمە, یان ئەگەر بەشێکیشی لەدەرەوەڕا هاتبێت, بەشێکی زۆریشی لەناوخۆمانە, لەناوخۆماندا سەریهەڵداوە و بەر لەهەموو کەس دەبێ گومانمان لەو کەسەی تەنیشت خۆمان هەبێت, گومانمان لەماڵەکەی دراوسێمان هەبێت نەوەکو کاری سەربڕینی تێدا بکرێت, گومانمان لە باوك و برا و برادەرەکانمان هەبێت نەوەکو لە گروپێکی تیرۆریستییەوە گلابن و ئێمەش تێوەگلێنن, بۆیە لەجیاتی ئەوەی خۆمانی لێبێئاگا بکەین, دەبێ بەوریاییەوە لە دەوروبەرمان بڕوانین و کار لەسەر نەمان و لەناوبردنی کارە دزێوەکان و کەسە خراپەکان بکەین.